گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة ڕابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(4).Paper8

ڕێکەوتی وەرگرتن : ٢٠٢٣/٠١/١٨
ڕێکەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٠٣/١٥
ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٤/٠٨/٢٩

# ناسنامەی نەتەوەیی و نیشتمانی لە پەندی پێشینانی کوردیدا

**پەرێشان خالد صابر[1] - سیروان جبار ئەمین[2]**

sirwan.amin@soran.edu.iq - pareshan.sabir@uor.edu.krd

[1]بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[2]بەشی کوردی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سۆران، سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

ناسنامە پەیوەندییەکی نزیکی بە تێگەیشتنی مرۆڤەکانەوە هەیە، کە "ئەوان کێن و چۆن بیردەکەنەوە. واتە کەسێک یان گروپێک بە چ شێوەیەک پێناسەی خۆی دەکات، لەڕێگەی کۆمەڵێک فاکتەری وەک زمان و مێژو و جوگرافیا و کلتور و ئایین، خۆی بە بەرامبەرەکەی دەناسێنێت. ناسنامە تایبەتمەندییەکە، کە دەبێتە هۆی جیاوازی تاک و کۆمەڵگە و نەتەوەیەک، لەگەڵ تاک و کۆمەڵگە و نەتەوەیەکیتر.

ناسنامەی نەتەوەیی، هەستی هاوپەیوەندیی تاکە بەرامبەر بە نەتەوەیەک. جوگرافیاش کاریگەریی خۆی لەسەر زمان و ناسنامەی نەتەوەیی هەیە. بەبێ ئەم جوگرافیایە، کە پێی دەوترێت نیشتمان، دەوڵەتان، کلتور و شارستانیەت نەدەکرا بونیان هەبێت. بەپێی ئەو ناوچانەی مرۆڤ تێیدا دەژین، شێوازی ژیان و شێوەی پەیوەندی و زمانەکان سەریان هەڵداوە.

ئەم توێژینەوەیە لە ژێر ناونیشانی "شوناسی نەتەوەیی و نیشتمانی لە پەندی پێشینانی کوردیدا" ئەنجامدراوە. لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە لە ناوەرۆکی پەندە کوردییەکانەوە، دەتوانرێت بەشێکی زۆر لە تایبەتمەندییەکانی ناسنامەی نەتەوەیی و تایبەتمەندییە شارستانییەکانی بەشێکی گرنگی دانیشتوانی کوردستان، بە تایبەت لە باشوردا بزانرێت. ئەمەش ئاشنابونە بە دابونەریتەکان و سروشتی بارودۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسیی کورد، ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ ناسینی کورد لەڕێگەی کورد خۆیەوە

نەک کەسانی بیانی. بۆ ئەم مەبەستە سود لە میتۆدی "وەسفی، شیکاریی" وەگیراوە، بۆ لێکدانەوەی ناوەرۆکی ئەو پەندانەی، کە هەڵگری شوناسی نەتەوەیی و نیشتمانین. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە نیشاندانی ئەم ڕۆڵەیە. ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەیە ڕۆڵ و تایبەتمەندیی پەندەکان، وەک چەند نمونەیەک لە ئامرازە زارەکییەکانی دەربڕینی ناسنامەی نەتەوەیی کورد نیشان بدات، چونکە پەندەکان حیکمەتی ئەزمونی مرۆڤەکانن و ئاوێنەیەکی کلتور و بۆچون و نۆرم و شێوازی ژیان و پەیوەندی کارەکتەرەکانن لەگەڵ یەکتری.

**کلیله وشەکان:** نەتەوە، نیشتمان، پەندی پێشینان، شوناس.

## پێشەکی:

توێژینەوە لەسەر پەندەکانی زمانی کوردی لە ئەنجامی گەشەسەندنی هۆشیاری لە گرنگیی فۆلکلۆر، وەک یەکێک لە لقە سەرەکییەکانی کلتوری کوردی، دێتە ئاراوە. بۆ تێکەڵکردنی تاک بە کۆمەڵگا و قوڵبونەوەی تێگەیشتن لە خود و دەوڵەمەندکردنی شوناسی تاکی کورد، بەهۆی ڕۆڵ و کاریگەری لە گۆڕینی عەقڵییەت و ئاراستەکردنی ڕەفتار و تێگەیشتنەکانی مرۆڤدا، کورد زۆر پابەندە بە پەندی پێشینانی خۆیەوە، هەر کوردێکی دەشتەکی یا شاری، خوێندەوار یا نەخوێندەوارت بەرچاودەکەوێ، کە چوار قسەی کرد، خێرا لە بەینیانا پەندێکی پێشینان دێنێتەوە بۆ ئەوەی بیکا بە پشتیوانی قسەکەی خۆی. ئەگەر چی لەرۆژگاری ئەمرۆدا، نەوەی تازەبەهۆی جیهانگیریی تەکنەلۆژیا و سۆشیال میدیاوە، کەمتر پابەندن بە پەندی پێشینانەوە. گرنگیی پەندەکان لە پێکهاتن و ڕەنگدانەوەی کلتوری مرۆڤەکاندا، لە چوارچێوەی شوناسی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییان دەردەکەوێت. لەم توێژینەوەیەدا ئەوە دەخەینەرو، کە پەندەکان وەک پۆلێکی گرنگ پەیوەندییان بە شوناسی نەتەوەییەوە هەیە.

**ناونیشانی توێژینەوەکە:** "شوناسی نەتەوەیی و نیشتمانی لە پەندی پێشینانی کوردیدا"یە هەوڵێکە بۆ ناساندنی نەتەوەی کورد لەڕێگەی بیرکردنەوە و دنیابینیی کورد خۆیەوە.

**گرنگیی توێژینەوەکە:** شوێنپێهەڵگرتنی ناسنامەی نەتەوەیی و نیشتمانی کوردە لەڕێگەی ئەرشیفێکی ڕەسەن و کۆنی خۆیەوە، کە فۆلکلۆرەکەیەتی، بەدیاریکراویش پەندەکان. هەروەها گرنگیی توێژینەوەکە لە نیشاندانی پەیوەندیی نێوان ئەدەب و نەتەوەیە، لە دۆزینەوەی دنیابینیی و بیرکردنەوەی کورد لە نێو ئەو پەندانەدا.

**سنوری توێژینەوەکە:** سنوری کارەکەی ئێمە خوێندنەوە و شیکردنەوەی ئەو پەندانەیە، کە هەڵگر و دەرخەری ناسنامەی نەتەوەیی و نیشتمانین لەباشوری کوردستاندا و بەدیاریکراویش لە زاری کوردیی ناوەڕاستدا.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** (وەسفی، شیکارییە) بەپێی تیۆری شوناس خوێندنەوە و شیکردنەوە بۆ پەندە کوردییەکان کراوە و شوناسی نەتەوەیی و نیشتمانیی تاک و کۆمەڵگای کوردی نیشاندراوە.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** لەدو بەشی سەرەکی پێکهاتوە، هەریەکەیان دو تەوەری سەرەکی لەخۆدەگرێت: لە تەوەری یەکەمی بەشی یەکەمدا زاراوە و چەمک و پێناسەی ناسنامە لەزمانی کوردی و زمانە زیندوەکانی جیهاندا خراوەتەڕو. لەتەوەری دوەمیشدا باس لە نەتەوە و ناسنامە کراوە لەگەڵ جوگرافیا وەک توخمێکی سەرەکی لە پێکهێنانی ناسنامەدا. تەوەری یەکەمی بەشی دوەمی توێژینەوەکە بۆ پەیوەندیی و ئاوێزانی نەتەوە و نیشتیمان لەشوناسی گشتی نەتەوەی کوردا تەرخانکراوە. لەتەوەری دوەمی بەشێوەیەکی پڕاکتیکی شوناسی نەتەوەیی و نیشتمانی لە پەندی پێشیناندا خراوەتەڕو و پەندەکان شیکار کراون و ئاماژە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکانیش ڕونکراوەتەوە. پاشان کورتەی توێژینەوەکە بەزمانی ئینگلیزی خراوەتەڕو. لە کۆتاییشدا ئاماژە بە چەند ئەنجامێک کراوە، لەگەڵ لیستی ناوی سەرچاوە سود لێوەرگیراوەکاندا.

## بەشی یەکەم

### تەوەری یەکەم: زاراوە و چەمک و پێناسەی ناسنامە

#### زاراوەی ناسنامە:

زاراوەی ناسنامە لە زمانی ئینگلیزیدا بریتییە لە Identity، کە لە بنەڕەتدا لە وشەی Ident یان Idemی لاتینییەوە وەرگیراوە(Oxford, 1971,P.951). واتە وەکیەکی، لە فەرهەنگەکانی زمانی ئینگلیزیدا بەو مانایە دێت، کە شتێک یان خودێک توانای خۆپارێزی و مانەوەی هەبێ لە ژێر هەر بارودۆخێکی جیاوازدا، هەروەها خودی ئەو ناسنامەیە وا لە مرۆڤ دەکات، کە ناسراوبێ. ڕایەکی تر هەیە، کە پێیوایە؛ زاراوەی ناسنامە Identity لە "وشەی Identitans وەرگیراوە، کە بە دو مانای بە ڕواڵەت جیاواز بەکاردەبرێت: ١- وەک یەکی و یەک چەشنیی ڕەها. ٢- لێکجیایی کە هەڵگری جێگیریی و بەردەوامییە لە درێژایی زەمەندا" (گوڵموحەمەدی، ئەحمەد،٢٠٠٧، ٢٢١). ئەگەرچی ئەم دو مانایە بە ڕواڵەت جیاواز دێنە بەرچاو، بەڵام لە ڕاستیدا هەردوکیان دولایەنی تەواوکەری یەکترین لە مەسەلەی چییەتیی ناسنامە و شوناسدا، بەجۆرێک مرۆڤەکان لە هەمو گەلانی جیهان سەر بە هەر نەتەوەیەکبن لە پێگەی مرۆڤبون یەکدەگرن بەڵام لە شوێنی ناسنامەکەیان جیاوازن لەویتر، مرۆڤ ناسنامەی خۆی هەیە، کە لەوانیدیکەی جیادەکاتەوە، لەبەرئەوە ئەو شوناسە بەجۆرێک دەستلەملانی ئەو مرۆڤە بوە، لەلایەکەوە دەیکات بە ئەندامی یەکێک لە گروپەکانی مرۆڤایەتی و

لە گروپەکانی دیکەی جیادەکاتەوە. لەلایەکیتریشەوە بەستەرێکی سەرەکییە کە خەڵکی ئەم گروپە بەهۆیەوە یەکدەگرن و دەیانکاتە گەل، نەتەوە، یان شتی تر.

لە زمانی عەرەبیدا زاراوەی ناسنامە(Identity) پێیدەگوترێت "الهوية"، بەپێی فەرهەنگە فەلسەفییەکان زاراوەی ناسنامە (الهوية) لە بنچینەی خۆیدا عەرەبی نییە، بەڵکو لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە هاتۆتە ناو زمانی عەرەبی و وەکو زاراوەیەک لەگەڵ پێناسەکان جێگیر بوە. "وشەی ناسنامە فریاکەوتنێکی نوێیە بۆ زمانی عەرەبی وەک دەستەواژەی (الهوية) هیچ پەیوەندییەکی بە جەوهەرەوە نییە لە زمانی عەرەبیدا، فەرهەنگە عەرەبیە کۆنەکان بێ بەهان لە وشەی ناسنامە بە پێداگرییەوە، بەهەمانشێوە لە فەرهەنگە هاوچەرخەکانیشدا ئەم وشەیە نادۆزینەوە، واتە ڕەگوڕیشەی زاراوەکە لەزمانی عەرەبیدا بونی نییە، کەچی وەک زاراوەیەک لەگەڵ پێناسەکەی جێگیر بوە و لەناو چەمکە مەعریفییە جۆراوجۆرەکاندا ڕەنگیداوەتەوە" (المسكني، فتحي، ٢٠٠١، ٦-٨).

لە زمانی عەرەبیدا "الهوية" بە واتای بیری قوڵ دێت، بنەڕەتی وشەی "هوى" واتا کەوتنەخوارەوە (جەوهەر، یاسین ئاشور، ٢٠١٩، ٤٧٥)، بەڵام زاراوەی "الهوية" لە پاش چەند گۆڕانکارییەک لە وشەی"هو" ەوە وەرگیراوە و داڕێژراوە، کە جێناوی کەسی سێیەمی تاکە، بۆ ڕەگەزی نێر(ابن منظور، ٢٠٠٤، ١١٦). بەو واتایەی، کە "الهوية" لە لۆژیکی "ئەو" لە مرۆڤناسی "وجودی"ییەوە هاتوە و پێمان دەڵێت بونی ئەو چییە، یان شوناسی ئەو خودە "ئەو" کێیە و چییە؟ (صلبيا، جميل، ١٩٧٩، ٥٢٨-٥٣٠) واتە دەستنیشانکردن و ناسینەوەی ناوەرۆکی خودی کەسایەتییەک کە ئەوە ئەوەو جیایە لە کەسانیتر.

لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە،کە زاراوەی ناسنامە لەزمانی ئینگلیزی و عەرەبیدا لەڕوی ئاراستەی ناسینەوە لێکجیان، لە زمانی ئینگلیزیدا ناسینەکە لە خودەوە دەستپێدەکات و ئینجا خۆی جیادەکاتەوە لەوانیتر، کەچی لە زمانی عەرەبیدا ناسینەکە لە "ئەو"ەوە دەستپێدەکات، بەڵام لەڕاستیدا هەردوکیان یەک مانا دەبەخشن و لە ئاراستە گشتییەکەدا یەکدەگرنەوە و پێمان دەڵێن هەمیشە ناسنامەی (تاک، خود، گروپ) لە ڕێگەی ئەویترەوە درکی پێدەکرێت و دەبێت هەردەم یەکێک هەبێت لە خودی ئەویتر نەچێت و جیاوازبێت.

زاراوەی Identity (ناسنامە) لە زمانی کوردیدا وشەیەکی لێکدراوە. بەواتای نامەی ناسینەوە دێت، کەسی ناسراو جیاوازی و سەلماندنی بونی خۆی لەڕێگەی ئەو نامەیەوە لەگەڵ ئەوی تر دەنوێنێ، ئەم نامەی ناسینەش دەکەوێتە ژێر کاریگەریی کۆمەڵێک پێوەر و بەهاگەلی وەکو نەتەوە و ئاین و بیر و ئایدۆلۆژیا و ڕەگەز و دابونەریت و کلتور و ویست و حەز و شێوەی ڕەفتارکردنی تاک و کۆمەڵ... کەواتە "دەستەواژەی ناسنامە وشەیەکی لێکدراوە و لە دو وشەی سادە: (ناس+نامە= ناسنامە) پێکهاتوە لە ڕەگی

کاری ناسین (ناس) بەواتای ناساندن و ناسین دێت، وشەی (نامە) کە دەچێتە سەر (ناس)؛ دەبێتە چەمکێکی زاراوەیی و بە واتای نامەی خۆ ناساندن دێت، ئیدی پێکەوە دەبنە پێناسەی کەسێتی بونی ناسنامە بەشێکە لە ڕەوشتی بەشارستانیبونی مرۆڤ لەسەر زەوی، وەکو بونەوەرێکی ژیر و بە ئاوەز، لە پۆلێنکردن و جیاکردنەوە و ڕێکخستنی پەیوەندی و تایبەتمەندییەکانی خۆی زۆر ئامراز و ڕێوشوێنی گرتۆتەبەر، ئەم ناسنامەیەش یەکێکیانە تاک" (عەبدولقادر، بۆتان لەتیف، ٢٠١٨، ٢٨).

## چەمک و پێناسەی ناسنامە:

چەمکی ناسنامە گرنگییەکی زۆری هەیە، بۆتەهۆی بەردەوامبونی مشتومڕێکی فراوان لەنێوان ڕۆشنبیراندا، نەک تەنها لەڕوی پێناسەی چەمکەکە، بەڵکو تەنانەت لەسەر بونیشی، "بۆیە چەمکی ناسنامە بە چەندین شێوەی جیاوازی وەکو "I, Me,Personality, Self and Essenes" وەسفکراوە، واتە چەمکێکی فراوانە و زۆرجار تێکەڵ بە چەمکەکانی تری وەک "کلتور، تایبەتمەندیی کەسایەتی، نەتەوەپەرستی، ڕەسانایەتی، خودی..." دەبێت، یان لەجیاتی ئەم چەمکانە بەکاردەهێنرێت بەهۆی تێکەڵبون و لێکچونیان لەگەڵ ئەم چەمکانە. ئەمانە خاڵی دەستپێکمان نیشاندەدەن بۆ تێڕوانین و تێگەیشتن و ڕونکردنەوەی چەمکی ناسنامە لەنێو خودی خۆی و جیهانی دەرەکیدا" (Eli-Hirsch,1992, p.103). چەندین تیۆری جۆراوجۆر هەن یارمەتیدەرن بۆ ڕونکردنەوەی ئەم چەمکە و ڕێگەمان دەدەن هەست بەو شتانە بکەین، کە بەشداری لە ناسنامەکانمادا دەکەن و لەو فاکتەر و بیرکردانە دەکۆڵنەوە کە دەتوانن ناسنامەمان بونیاد بنێن.

زۆربەی لێکۆڵینەوە هاوچەرخەکان کە، کار لەسەر ناسنامە دەکەن، خود وەک وێنەی خود تەماشا دەکەن، چونکە پێیانوایە ئەمە بونیادنانی خود و لایەنی تاکڕەوی خودە، کە کرۆکی ناسنامەی تاک لەخۆدەگرێت، ئەمە بەو مانایە دێت خود سەرەڕای هەبونی جیاوازی تاکایەتی و تایبەتمەندییە جەستەییەکان و تایبەتمەندییەکانی وەکو مەیل، چێژ، هەست، ...هتد کە ڕێگە خۆشکەرن بۆ هەستکردن بەجیاوازی کەسایەتی و تەماشاکردنی خود وەک بونەوەرێکی سەربەخۆ، لەرێگەی سەیرکردنی ئەویدیکەوە بەردەوامی پێدەدرێت، بەواتایەکی تر ناسنامە تەماشاکردنی خودە بەشێوەیەکی ئەرێنی، هەرتاکێک لە ئێمە بەرامبەر بە دەرونی خۆی و بەرامبەر ئەویتر هەست بە و بەرەوپێشچون و گەشەکردنە ئەرێنیانە دەکات، کە دواجار ئەمە دەبێتە هەوێنی بونیادنانی ژیانی دەرونی و کۆمەڵایەتیی تاک، بەڵام مەرج نییە هەمیشە مەعریفەی خود (خود-زانین) لە ڕێگەی ئەویترەوە بونیاتبنرێت و گەشە بکات، چونکە مەعریفەی خود بەردەوامی بەرێوەیدەبات، ناسنامە بەردەوام لە گەشەکردن و گۆڕاندایە، چونکە، "چەمکی ناسنامە بریتییە لە کۆمەڵێک خەسڵەت و ئەدگار و تایبەتمەندیی تاکەکان، کە لەخۆیان دەگرن، وایان لێکردون خاسیەتی تاک لە خودێتی و تاکخۆبوندا وەربگرن لەناو کۆمەڵگادا، دەکرێ چەند تاکێک لەهەندێک خاسییەتی خودێتی و تاکخۆیدا هاوبەشبن، ئەمە

لە چوارچێوەی کۆمەڵگا؛ یان دەوڵەتدا.. بە واتایەکی دی؛ ناسنامە گوزارشتە لە هەمو شتێکی هاوبەشی نێوان چەند تاکێکی ناو کۆمەڵێکی دیاریکراو کە وەک دەستەیەک لە بنیاتنانی چوارچێوەیەک بۆخۆیان کۆشش دەکەن و شەری بەردەوامی دەکەن لەژیانداهەربۆیە لەچوارچێوەی ئەو تایبەتمەندییە بنەڕەتیانەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدەرێت"(عبدالقادر، بۆتان لەتیف، ٢٠١٨،١٠).

ئیدوارد سەعید چەمکی ناسنامە لە ڕێگەی "ناسنامەی فەرەهەند و ڕۆشنبیری فەرەهەند"ەوە لێکدەداتەوە و بڕوای بە ناسنامەی پەتی نییە و هەمو ناسنامەکان بە ئاوێتە و جۆراوجۆر و جیاواز دەبینێ، لەم بارەیە دەڵێت: "چەمکی ناسنامە نە جێگیرە و نە کۆتایی بۆ هەیە، بەڵکو بەردەوام لەگەڵ ڕەگەزەکانی ڕۆشنبیریی داهێنەرانە لە نوێبونەوەدایە و هەمیشە دینامیکی دەکەوێتەوە" (سعید، ادوارد،٢٠٠٤، ٢٨). بیر و بۆچونەکانی لەبارەی چەمکی ناسنامەوە بە بیری پۆست مۆدێرنەوە بەندە، چونکە پێیوایە؛ ڕاستە ناسنامە بە شوێنی لەدایکبونەوە دەلکێ، بەڵام لە کۆتاییدا بە داهێنانی خاوەنەکەیەوە دەناسرێتەوە، بەمشێوەیە ڕێگە لەهەمو خود پەرستییەک دەگرێت، چونکە ناسنامە ئەویتر دەسەلمێنێت پێش ئەوەی خودبون بسەلمێنێ.

ناسنامە بەشێکی دانەبڕاوە لە پەروەردەکردنی تاکەکان لە لەدایکبونەوە بۆ دورکەوتنەوەیان لەژیان. پێناسەیەکی گشتگیر و جێگیر بۆ ناسنامە لەلایەن فەیلەسوفان و بیرمەندانی سیاسی و کۆمەڵناسی و دەرونناسی و لێکۆڵەرانی بواری ناسنامە نییە، بەڵکو پێناسەی جیاواز هەیە بۆ کێڵگە جیاوازەکانی مەعریفەی مرۆیی، پێناسەی ناسنامە لە کێڵگەیەکی مەعریفییەوە بۆ یەکێکیتر جیاوازە، بۆنمونە لە سایکۆلۆژییەوە بۆ لۆژیک بۆ کۆمەڵناسی بۆ سیاسەت بۆ دیسپلینە بەرین و تەسکەکانی تر گۆڕانی زۆری بەسەردادێت، هەریەک لەم بوارانە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە مامەڵە لەگەڵ ناسنامەدا دەکەن.

لە دەرونناسیدا ناسنامە بە کەسایەتییەوە بەندە، کە بە دولایەنی سەرەکی دیاریدەکرێ، "یەکێکیان؛ بەردەوام لە گۆڕان و بەرزی و نزمی دایە، چونکە لایەنەکانی بایۆلۆجی و دەرونی و کۆمەڵایەتی ڕۆڵیان لە پێکهاتەی کەسایەتیدا هەیە. ئەویتریان؛ بەیەکگرتن و سەقامگیریی خودەوە دەبەسترێتەوە و بەردەوام بە نەگۆڕی دەمێنێتەوە و خود نوێنەرایەتیی ناسنامە و شوناسی کەسەکە دەکات" (بیترکونسن، ٢٠٠٥، ٩٥).

"ئەلێکس مێکیلی" دەڵێ: "ناسنامە سیستەمێکی کۆکراوەی دەرونییە، لە داتای ماددی و مەعنەوی و کۆمەلایەتی پێکدێت، کەتیایدا فۆرماتی زانیاری و پرۆسە مەعریفییەکان دەکات، بەم جۆرە ناسنامە لە ئەنجامی تێکەڵبونی مەعریفی و یەکگرتنی لەگەڵ هەستدا بەرجەستە دەبێت"(عطية، محمد عبدالرؤف، ٢٠٠٩، ٢٤). کەواتە هەستکردن بە ناسنامەی خودی یەکێکە لە هەستە ناوەکییەکان و بەیەکگرتنی ئەو توخمە فیزیکی و دەرونییە وەکو تێکەڵەیەک وا لەکەسەکە دەکات جیاواز لەوانیتر هەست بە یەکێتیی خۆی بکات.

لە کۆمەڵناسیدا ناسنامە بە کۆمەڵگاوە بەستراوەتەوە و پێناسەی بۆکراوە وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریدەکات، کە کۆمەڵگە لەڕوی پێکهاتەی مرۆییەوە چییە و بەسەر چەندین پێکهاتەی بەناویەکداچو و تێکەڵاو دابەشبوە و بەردەوام لە گۆڕان و پەرەسەندن و نوێبونەوەدان، لە هەندێک باریشدا بە جێگیری و نەگۆری دەمێننەوە، چونکە "ناسنامەی کۆمەڵگا و ناسنامەی تاک بەشێکن لەو پێکهاتە کۆمەڵایەتییە دامەزراوانەی کۆمەڵگا، کە بەبێ ئەمانە کۆمەڵگا بونی نییە، بریتین لە: لایەنی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابوری، کلتوری، ئایینی، پەروەردەیی و گەلێکیتر. تاکە لایەنی جێگیر و نەگۆر کە هەرگیز ناگۆرێ بە گۆرانی تاک و کۆمەڵگا و تەنانەت تۆپۆگرافیاش ناسنامەیە" (هارلمبس، وهولبورن، ٢٠١٠، ٧٨). بۆ نمونە ئیسلام لە کۆمەڵگای موسوڵماندا، زمانی عەرەبی لە کۆمەڵگای عەرەبیدا، یەهودی لە کۆمەڵگای جولەکەدا، زمانی کوردی لە کۆمەڵگای کوردیدا، یان زمانی هیندی لە کۆمەڵگای هیندیدا.

فەیلەسوفی بواری کۆمەڵناسی "ئەنتۆنی گۆدنس" ئاماژە بەوەدەکات، کە پێناسەی ناسنامە لە کۆمەڵناسیدا فرە ڕەهەندە و دەکرێت لە کۆمەڵێک گۆشەنیگاوە سەیربکرێت. بۆنمونە ناسنامە لەرێگەی پەیوەندیی بە ڕەفتار و زمان و کلتورەوە پێناسە دەکات و دەڵێت: "ناسنامە کۆی لیستی ڕەفتار و زمان و کلتورە، ڕێگە بە کەسێک دەدات بە گروپێکی کۆمەڵایەتی بناسرێتەوە و لەگەڵیان هاوچەشن بێت" بڕوانە (غدنز، انتونی، ٢٠٠٥، ٦٦-٧٠). بەڵێ، تاک بە گشتی دەتوانێت هەست بکات کە ئەو "من"ە و بە شێوەیەکی گونجاو لە واقیعدا هەڵسوکەوت بکات لەچوارچێوەی گروپە کۆمەڵایەتییەکەیدا، کە دەبێتە زامنی پاراستنی تاک لە مەترسییە دەرەکی و ناوەکییەکان و گونجاندنی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ مەرجەکانی دنیای دەرەوە، کەواتە ناسنامە بونی هەیە لە ڕوبەری ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤدا هەرچەندە بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە و نەگۆڕ نییە، بەڵکو شتێکە لەگەڵ بارودۆخی کۆمەڵایەتی فۆڕم دروستدەکات.

لەسیاسەتدا چەمکی ناسنامە لە ئاراستەیەکەوە بۆ یەکێکی تر و زۆری و جۆراوجۆری ئاراستە و فیکرە سیاسیەکان لە فرەیی و جۆراوجۆری ناسنامەکان دەور دەگێرن. "ئاڵتۆسێر" وەک یەکێک لە فەیلەسوفە مارکسییەکانی سەدەی بیستەم، سەبارەت بە پێناسەی ناسنامە دەڵێت: "ناسنامە بریتییە لە ئەنجام و بەرجەستەکردنی تۆڕێک لە دەزگا ئایدۆلۆجییەکان، جا چ سەرکوتکەربێت، یان دامەزراوە ئارەزومەند خوازەکانبێت" (Althusser L., 1971, 121-126). لێرەدا ناسنامەی تاک بەرۆشنبیری و زمان و بەهای کۆمەڵایەتی و دەزگا ئایدۆلۆجییەکانی دەوڵەتەوە بەستراوەتەوە، بە وتەی "ئاڵتۆسێر" ناسنامە هەمیشە دەکەوێتە تەڵەی پاشکۆیەتیی ناچارییەوە! لێرەدا دەکرێ بپرسین: ئەگەر ناسنامە هەمیشە دەرئەنجام و لێککەوتەبێت چۆن هەڵگرانی بتوانن سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن؟ چۆن لەستەم و نادادی و زۆر لێکردن دوردەکەونەوە؟ "جۆدیس بتلەر" لەم بارەیەوە ڕەخنە لە "ئاڵتۆسێر" و حەتمیەتی ئایدۆلۆجی و ناسنامەی

ناچاریدەگرێ و پێیوایە دەکرێ ڕێگایەک بدۆزینەوە بۆ دەربازبون لە ناسنامەی ستەم و ناچاری. بەهۆی ڕەخنەگرتن لە شێوەکانی هەژمونگەراییی دەوڵەتی مۆدێرن و ناچارکردنی تاک و کۆمەڵگا بە حەقیقەتی تەمومژاوی، بەیاسا و ڕێسای ستەمگەرانە، یان قبوڵنەکردنی حەقیقەتی سیاسی و یاسا ستەمکارەکانی دەوڵەت... لەم بارەیەوە دەڵێت: "یاسا و ڕێسا و دەزگاکانی دەوڵەتی مۆدێرن کار لەسەر ڕەفتاری تاک ناکەن، بەڵکو بریاری جۆرێک لە شیانەیی لەنێوان تاک و ئەویدیکە و دەوڵەتدا دەدەن" ( Kearns,Jerry,2013, 191). کەواتە بتلەر ناسنامە بەشێوەیەکی ئازاد و هەڵبژێردراو دەبینێ و وەکو شتێکی جێگیر و مۆمیاکراو سەیری ناکات، بەڵکو ناسنامە پەیوەستە بەو هەلومەرجەی کەتاک تێیدا گەشەدەکات.

## تەوەری دوەم: پەیوەندیی ناسنامە لەگەڵ نەتەوە و نیشتمان

### ناسنامە و نەتەوە:

لە پێشوتردا باسی ناسنامەمان کردوە، بەڵام لێرەدا پێناسەکردنی چەمکی نەتەوە هەنگاوی یەکەمە بۆ دۆزینەوەی ئەو پەیوەیوەندییە و دەستنیشانکردنی سنورەکانیان، جگە لەمە ئاگاداربون لەپێویستی ڕونکردنەوەی چەمکی نەتەوە، دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ چارەسەرکردنی پرسی کەمینە نەتەوەییەکان و مافەکانیان لە چوارچێوەی دەوڵەتەکان. ئەگەر سەرەتا بەکۆمەڵێک پرسیار دەستپێبکەین وەک: ئایا پێناسەیەکی گشتی بۆ "نەتەوە" هەیە؟ ئایا زیاتر لە یەک پێناسە هەیە؟ وەک تێبینی دەکرێت "جیاوازیی سەرەکی هەیە لە شێوازی بەکارهێنانی وشەی نەتەوە لە بەشە جیاوازەکانی ئەوروپا و لە زمانە جیاوازەکانی ئەوروپادا لە زۆر وڵات و زماندا وشەی نەتەوە هاوواتای "دەوڵەت" یان کۆی دانیشتوانی دەوڵەتێکە وشەی "نەتەوە" وەک هاواتای "هاووڵاتیبونی دەوڵەت" بەکاردێت" (Peter.Kovacs,2004, 103). کەواتە بۆ ئەو پرسیارەی، کە دەڵێ: ئایا پێناسەیەکی گشتی و باوی چەمکی نەتەوە هەیە؟ لەوانەیە وەڵامێکی نەبێت، یان لەوانەیە وەڵامێکی نێگەتیڤی هەبێت، چونکە چەمکەکە بە جیاواز لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر تێدەگات: هەمان وشەی تەواو بە سادەیی مانای جیاوازی هەیە. چونکە تا ئێستا هیچ پێناسەیەکی یاسایی و هاوبەش بۆ چەمکی "نەتەوە" نییە هەر وەک چۆن "لیژنەی کاروباری یاسایی و مافەکانی مرۆڤ لە توێژینەوەیەکی چەمکی نەتەوە و بەکارهێنانی لە ئەوروپا لەسەر بنەمای داتا کۆکراوەتەوە لەم ڕاپرسییەوە وەڵامی ٣٥ شاندی پەرلەمانی نەتەوەیی لەسەر لێدوانی پسپۆڕانی بواری یاسا و زانستە سیاسییەکان خراوەتە ڕو و گەیشتە ئەو ئەنجامەی، کە زەحمەتە پێناسەیەکی هاوبەشی چەمکی نەتەوە بدۆزینەوە" (http://assembly.coe.int).

هەروەها بەڕای پرۆفیسۆر "کۆڤاکس" مەحاڵە پێناسەیەکی هاوبەش بۆ چەمکی نەتەوە پێشکەش بکرێت، چونکە "چەمکی نەتەوە بە قوڵی لە کلتور و مێژوی گەلاندا ڕەگی داکوتاوە و توخمە بنەڕەتییەکانی ناسنامەی تێکەڵ بوە، هەروەها لەنزیکەوە پەیوەستە بە ئایدیۆلۆژیای سیاسییەکانەوە، کە ئیستغلالیان کردوە و زیاتر لە مانا ڕەسەنەکەی خۆیان لێبارکردوە"(Peter.Kovacs,2004.271). لێرەدا ئەگەر نەتەوە وەک کۆمەڵگەیەکی دیاریکراوی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و فەرهەنگی سەیر بکرێت، هاوکات لەگەڵ زمان و کلتور و مێژوی هاوبەش، لەگەڵ دامەزراوەی سیاسیی سەربەخۆ و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان و .. هتد لەبەر ئەوەی هەمو ئەو هۆکار و فاکتەر و بنەمایانە بەردەوام لە گەشەسەندن و گۆڕان و نوێبونەوەدان، بۆیە دەکرێ چەمکی نەتەوە و تەنانەت خودی نەتەوەش بگۆڕێ و جیاواز بێت، بەڵێ دەکرێ هەمیشە پێناسەی نوی و جیاواز بدۆزرێتەوە و سەرهەڵبدات، بەڵام هەرگیز جیهانی و هەتاهەتایی نابن، چونکە هەرشتێک لە ساتێکی دیاریکراودا، لە چوارچێوەیەکی دیاریکراو و بۆ مەبەستێکی دیاریکراو پێناسە بکرێت. بێگومان بەپێی ئەو هۆکار و مەبەستانە جیاواز دەبێت.

ئەو پرسیارەی کە ماوەتەوە وەڵام بدرێتەوە ئەوەیە، کە ئایا هیچ پێویستییەک بە پێناسەیەکی هاوبەش هەیە یان نا؟ شارەزایان ڕاوێژیان کردوە گومانیان لەسەر ئەم بابەتە هەیە لای خۆیەوە پرۆفیسۆر "کۆڤاکس" تێبینی ئەوەی کرد کە پێویست ناکات پێناسەی نەتەوە بکرێت، "چەمکی نەتەوە زیاتر لە مەسەلەی ئایدیۆلۆژیای سیاسییەوە نزیکە هیچ گەرەنتییەک نییە، کە پێناسەیەکی هاوبەش یارمەتیدەر بێت بۆ چارەسەرکردنی هەر کێشەیەک سەبارەت بەپرسی نەتەوە" (Peter Kovacs,2004.274). واتە مەرج نییە یەک پێناسەی هاوبەش هەبێت، بەڵکو پێناسەی نەتەوە دەبێت ئەوەندە نەرم بێت بۆ ئەوەی ڕێگە بە هەر تاکێک بدات خۆی وەک ئەندامی نەتەوەیەک پێناسە بکات تەنانەت ئەگەر هاوولاتی وڵاتێک بێت جگە لە دەوڵەتی خزمایەتی، بۆ ئەوەی لە لایەکەوە بەرژەوەندییە ڕەواکانی دەوڵەتەکان و بەرژەوەندییە ڕەواکانی کەمینەی نەتەوەیی و زمانە جیاوازەکان لە لایەکی ترەوە ڕەچاوبکرێ.

ناسنامەی نەتەوەیی "National Identity" لەسەر یەک بنەمای سەرەکی دروست بوە، ئەویش جیاوازیی نێوان نەتەوەکانە. ناسنامەی نەتەوەیی بریتییە لە: "کۆی تایبەتمەندی و بەها هاوبەشەکانی نەتەوەیەکی سەربەخۆ، کە تاکەکانی ئەم نەتەوەیە هەست و زانیاری و هۆشیارییان لەسەر ئەو بنەمایانە هەیە و بە هۆی ئەم بنەمایانە بەرامبەر یەکتر هەست بە وابەستەیی دەکەن. ناسنامەی نەتەوەیی دەبێتە هۆی جیاوازیی نێوان نەتەوەیەک لە نەتەوەکانی دیکە. خاکی هاوبەش، ئایینی هاوبەش، زمانی هاوبەش، مێژوی سیاسیی هاوبەش، دابونەریت و ئەدەب و هونەری هاوبەش، چەمکی ناسنامەی نەتەوەیی پێک دێنن" (http://penus.krd/index.php/ckb/). هەر لەسەرەتاوە نەتەوەکان لە باری کۆمەڵایەتییەوە دروست

كراون و له مێژودا بەیەک گەیشتون. واتە بەدرێژاییی مێژو خەڵک هاوپێچی گروپ و دابونەریتی خزمایەتی و دەسەڵاتی خاک و نیشتمانەکەی خۆیان کردوە، هەر لەبەرئەوەیە ناسنامەی نەتەوەیی هەر نەتەوەیەک، پێش هەمو شتێک پەیوەندیی بە شوێن و ژینگەی جوگرافیی ئەو نەتەوەوە هەیە، کەواتە دەتوانین بڵێین ناسنامەی نەتەوەیی جوگرافی هەیە.

له بۆچونەکانی "مەریوان وریا قانع"دا دەتوانین "چەمکی ناسنامەی نەتەوەیی لە خەسڵەت و سیما جیاکەرەوەکاندا بدۆزینەوە، لە تەرجەمەکردنی ئینتیمای ڕۆحی نەوەکان و پلانی هاوبەش بۆ ئایندەیەکی یێکەوەیی و سەرفراز ... لە کۆی ئەو بیروباوەڕ و وێنە و ڕەمزانەی، کە گروپێکی کلتوری و سیاسی و کۆمەلایەتی دیاریکراو لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا لە سەری ڕێک دەکەون و بە دنیای دەرەوەی نیشان دەدەن" (عەبدوڵڵا، عەبدولموتەڵیب، ٢٠١٨،ل ٤). واتە هەر بەتەنها بونی ئەو فاکتەرانە (زمان و مێژو و ئایین و کلتور و جوگرافیا ..) بەسنییە بۆ ناسنامەی نەتەوەیی، ئەگەر ئەوانە وەکو ئینتیما لە ڕۆح و هەستی نەتەوەدا ڕەنگنەدەنەوە.

کەواتە نەتەوە بە نەریتێکی داهێنراو وەسف دەکرێ، کە تێیدا سۆزی هاوبەش جۆرێک لە ناسنامەی دەستەجەمعی دابین دەکات و تاکەکان پێکەوە دەبەستێتەوە لە هاودەنگیی سیاسی، هەمو ئەو فاکتەرانەی باسکران بایەخی سەرەکییان لە بەرزکردنەوەی پایەی نەتەوە و پێشکەوتن و گەشەکردنیدا هەیە.

وشەی نەتەوە هەندێک جار وەک هاواتا بەکاردێت بۆ: دەوڵەت (دەسەلات) یان دەوڵەتی سیادی: حکومەتێک، کە کۆنترۆڵی ناوچەیەکی دیاریکراو بکات، کە لەوانەیە لەگەڵ گروپێکی ئیتنیکیی دیاریکراو پەیوەست بێت یان نەبێت. "وڵات: ناوچەیەکی جوگرافییە، لەوانەیە پەیوەندیی بە حکومەت یان گروپێکی ئیتنیکیەوە هەبێت یان نەبێت بەم شێوەیە دەستەواژەی "گەلانی جیهان" داهێنرا، کە ئاماژە بە حکومەتە پلە بەرزەکان دەکات وەک ناوی "نەتەوە یەککگرتوەکان" و ناوچە جوگرافییە جۆراوجۆرە گەورەکان، یان گروپە جیاوازەکانی گەورەی ناوچەکە، کە بە پشتبەستن بە مانای "نەتەوە" بەکاردێت" (E.J. Hobsbawm, 2000., 2). واتە دەکرێت دەستەواژەی دەوڵەتی نەتەوە بەکار بهێنرێت بۆ جیاکردنەوەی دەوڵەتە گەورەکان لە دەوڵەتە بچوکەکانی تر، یان دەتوانرێت بەکار بهێنرێت بۆ جیاکردنەوەی دەوڵەتە فرەنەتەوەییەکان لەوانەی کە گروپێکی ڕەگەزی تاکیان هەیە. کەواتە پەیوەندییەکی توندوتۆڵ و کاریگەر لەنێوان ئەم دو چەمکە واتە نەتەوە و ناسنامەدا هەیە، بەجۆرێک هەریەکێکیان دەبێتە بنەما بۆ ئەوی تریان.

## ناسنامە و نیشتیمان:

هەژمارکردنی زەوی وەک یەکێک لە فاکتەرە بنەڕەتییەکان بۆ ناسنامەی هەر کۆمەڵگەیەک شتێکی ئاسایی و گونجاوە، "چونکە لە کۆنەوە زەوی ئاماژە و بنەمایەکی ڕەسەنی ناسنامەیە و مرۆڤ ناسنامەی خۆی، بە شێوەیەکی سەرەکی، لەو خاکەوە وەردەگرێت کە تێیدا دەژی، کە بە نەبونی ناسنامەی خۆی و ژیانیشی لەدەست دەدات" (صيفي، مشوار، ٢٠١٦، ٢١١). کەواتە زەوی بە پایەیەکی جەوهەریی دەوڵەت دادەنرێت و ناسنامەی ئەوخەڵکە دیاری دەکات کە تێیدا دەژین.

نیشتمان شوێنێکی جوگرافییە، هەمو ڕۆڵەکانی بەبێ جیاوازی تیایدا دەژین، "تیایدا یەک ئاڵا، کە هێمای ئەخلاقییە، هەمو ڕۆڵەکانی یەک گەل و یەک نەتەوە یەکدەخات و شتێکی ماددی بەرجەستەیە، وێنەکێشان و شێوەیەکی دیاریکراوی هەیە بە ڕەنگی تایبەت"(هەمان سەرچاوەی پێشو).

ئابوری و بەرژەوەندیی هاوبەش و ئەرک و مافەکانییان بە یەک بۆندی ئابوری و یەک سیستەمی دارایی بەیەکەوە بەستراونەتەوە، لە چوارچێوەی شوێنێکی جوگرافیی دیاریکراو، کە پێی دەگوترێت نیشتمان یان وڵات. خەڵکی یەک ناسنامەی نەتەوەیی لە چوارچێوەی نیشتمانەکەیاندا کۆمەڵێک مافی هاوبەشیان هەیە، وەک مافی پەروەردە، مافی دەربڕینی بیروڕا، مافی ژیان بە کەرامەت و شانازییەوە لەسەر زەوییەکانیان، کە ماناکانی ناسنامەی نەتەوەیی بەرجەستە دەکەن.

جوگرافیا و نیشتمانێکی هاوبەش لە چەسپاندنی شوناسدا خاڵی جەوهەریین، ئەفلاتون دەڵێت: "شوناسی بونەوەرەکان ئەوەیە کە سەرەڕای هەمو گۆڕانەکان وەک خۆی دەمێنێتەوە" (https://www.aljazeera.). وەک چۆن زەوی ئامرازێکە بۆ پەیوەندی نێوان تاک و گروپەکان بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگا، بۆ بەدەستهێنانی هاوکاری و پەیوەندی. قسەکردن لەسەر شوێن و پانتایی جوگرافی دەمانگەڕێنێتەوە بۆ پێناسەی دەوڵەت و پێکهاتەکانی: گەل، خاک، دەسەڵات و کەمترین ئاستی کلتورێکی هاوبەش کە گونجاوە بۆ دامەزراندنی ژیانێکی هاوبەش.

ناسنامە پەیوەندییەکی نزیکی بە ژینگەوە هەیە، هەروەک زمان و کلتوریش. شوناسی مرۆڤ بەوەوە دەکێشرێت و شێوە و ڕەنگەکانی بەو شتانە دیاری دەکرێن، کە لە دەرەوە بۆی دێت، ئەمەش لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا بەرهەمی دەهێنێت، کەواتە دەبێت (تەنانەت لە هەندێک شێوەی خۆیدا) بەشێک بێت لە ناسنامەی کۆمەڵگاکەی، یان لانی کەم هەندێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم کۆمەڵگایە هەڵبگرێت.

نیشتمان لە بنیاتنانی تایبەتمەندییەکانی تاک و گروپدا کاریگەریی هەیە، لێرەدا مەبەست لە نیشتمان هەمو ئەو شوێنانەیە، کە پانتاییەکی جوگرافیی دیاریکراویان هەیە و ئەوانەشی کە لەسەری دەژین، وایان

لێدەکات مندالّی یەک نیشتمانبن و پێیان دەگوترێت هاونیشتمانی و هێزی خۆیان لەو خاکە وەرگرتوە، کە لەسەری دەژین، لەسەر بنەمای خۆشەویستی و هاوئاهەنگی لەنێوان هەمو پێکهاتەنیدا و لەڕێگەیەوە بیروباوەڕەکانیان پراکتیزە دەکەن و هەست بە دلّسۆزی دەکەن بۆ نیشتمان.

## بەشی دوەم

### تەوەری یەکەم: پەیوەندیی نەتەوە و نیشتمان و ڕەنگدانەوەی ناسنامەی کورد تیایدا

شوێنەواری شوناسی نەتەوەییی ئێمە دەقی پەندەکانی فۆلکلۆرن، "ڕونکردنەوەی تایبەتمەندییەکانی مالّ و خێزان و باری دەرونی تاکەکان و ژیان و گوزەرانی خەلّک و خو و ڕەوشت و دابونەریتییان و تایبەتمەندییەکانی زمان، لە پەندە فۆلکلۆرییەکاندا چوارچێوەی گشتی عەقلّییەتی نەتەوەیی دەکێشێن" (کەریم، ستار باقی،٢٠١٩، ١١٢). دەکرێت سودوەربگرین لە وەسفکردنی ناسنامەی نەتەوەیی لە دوتوێی پەندە فۆلکلۆرییەکاندا بۆ یەکخستنی پەیوەندییە ڕۆحییەکانی گەل و خو و ڕەفتاری خەلّک، چونکە کاریگەری لەسەر بەهاکانییان دەبێت، بە پێچەوانەوە لەدەستدانی بەها کلتورییەکان دەبێتە هۆی لەدەستدانی ناسنامەی تاک و نەتەوەش. بەلای "ئەنتۆنی دیسمیس" ەوە گرنگترین ئاستی شوناس بریتییە لە شوناسی نەتەوەیی، کە وابەستەیی تاک نیشان دەدات بۆ کۆمەلّگاکەی، شوناسی نەتەوەیی کاتێک دروست دەبێت کە هەمو ئەندامانی کۆمەلّگا بیرۆکەیەکی هاوبەشیان هەبێت لەسەر پێکهاتەکانی خۆیان، لەبەرئەوەی شوناس بەرهەمی کارلێکی کۆمەلاّیەتی مرۆڤەکانە. بەرژەوەندی نەتەوەیی، مێژویی، فەرهەنگی و ئایینی بەیەکتریانەوە دەبەستێتەوە.

چەمکی نەتەوە لە کۆمەلّگای کوردیدا گۆڕانکارییەکی ماناداری بەخۆیەوە بینیوە، بڕوانە(موحەمەد حەق مورادی، ٢٠٢٢). مانایەکی کلتوری لەخۆدەگرێت، شێوازی بیرکردنەوە و ژیانی تایبەت بە نەتەوەیەک، ئەو تایبەتمەندییانەی، کە لە زمان، دابونەریت، حوکم و ڕێساکانی بەهای کۆمەلاّیەتییدا هەن، کۆی گشتی بە "ناسنامەی نەتەوەیی" پێناسە دەکرێت.

شوناسی نەتەوەیی (Ethnic Identity) لەگەلّ شوناسی نیشتمانی (National Identity) لە زۆر شتدا هاوبەشن و یەکدەگرنەوە. لە ڕاستیدا شوناسی نیشتمانی هەلّگری زۆربەی ئەو خەسلّەتانەیە، کە شوناسی نەتەوەیی هەیەتی لە هەبونی زمان و کلتور و خاک و مێژوی هاوبەش. "شوناسی نیشتمانی بە گشتی دەدرێت بە کەسانێک، کە هاوولاّتیی دەولّەت-نەتەوەیەک بن و شوناسیکی جێگیریش نییە وەک شوناسی ئیتنی-نەتەوەیی، بەلّکو شوناسێکی نەرم و شل و گۆڕانهەلّگرە، واتە دینامیکییە" (شێرکۆ کرمانج، ٢٠١٧، ٤٩). مەرج نییە هەلّگرانی شوناسی نیشتمانی سەر بە یەک ڕەچەلّەک و کلتوری هاوبەش بن، بۆ نمونە لە هەرێمی کوردستان لەگەلّ کورددا چەندین پیکهاتە و کەمە نەتەوەی تر دەژین و کوردستان بە نیشتمانی

خۆیان دەزانن و لە زۆر شتدا هاوبەشن لەگەڵ میللەتی کورد، ڕەچەڵەکیان جیاوازە و زمان و کلتوری تایبەت بە خۆیان هەیە. بەڵام بۆ میللەتی کورد لە چوارچێوەی کوردستاندا شوناسی نیشتمانی و نەتەوەیی جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە، بەڵکو هەمان ماهییەت و مانا دەبەخشێ. ئەگەر سەرنج بدرێت، "شوناسی نەتەوەیی تەریب وهاوڕێ و هاودەردی دیاردەی نیشتمان وهەستی نیشتمانییە بەگشتی بەبێ ئەو دیاردەیە مانای نییە نەتەوە لەچوارچێوەیەکی جۆگرافیایی دا ئەناسرێ وپێناسە ئەکرێ" (سەیدی،سەعید،٢٠١٩). کەواتە شوناسی نەتەوەیی پەیوەندییەکی بەهێز وتوندوتۆڵی لەگەل نیشتماندا هەیە. ئەم پەیوەندییە لە هەستی نیشتمانپەروەری و ئینتیما بۆ خاک و نەتەوە خۆی نمایش دەکات. سەرەڕای ئەوەی نیشتمان پێکهاتەیەکی دیار و کاریگەرە لە پێکهاتەکانی شوناسی نەتەوەیی، پێکهاتەکانی تری وەک زمان و کلتور و ئایین و مێژو و ..هتد لەسنوری ئەم نیشتمانەدا ڕۆڵ دەگێڕن و خۆیان نمایش دەکەن.

لە سەرەتای مێژوی مرۆڤایەتییەوە جوگرافیا جێگەیەکی گرنگی لە ژیانی تاکەکاندا هەیە. شێوازی ژیانی مرۆڤەکان لە ڕێگەی جوگرافیاوە شێوە دەگریت. لایەنی پیشەوەری و ئابوری، خۆراک و پەیوەندییە مرۆییەکان لەژێر کاریگەریی ئەو جوگرافیایەدایە، کە پێی دەڵێین نیشتمان، ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە داڕشتنی ناسنامەی نەتەوەیی تاکەکاندا، هەر بۆیە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان جوگرافیا و شوناسدا هەیە. "مرۆڤەکان بەپێی ئەو ناوچە و بارودۆخی ئەو کەشوهەوایەی، کە تێیدا دەژین پەرە بە ناسنامەی خۆیان دەدەن، تێڕوانینی خەڵک بۆ ژیان و ئەو بەها و چاوەڕوانیانەی، کە هەیانە بەپێی بارودۆخی جوگرافی شێوە دەگرێت"(Jokela, S., 2013, 52). واتە دروستبونی پێکهاتەی مرۆڤایەتی و هەبونی یادەوەرییەکی کۆمەڵایەتی هاوبەش دەرئەنجامی ژیانە لە هەمان ناوچەی جوگرافیدا. لێرەوە مرۆڤ ئەو جوگرافیایەی کە تێیدا ژیاوە وەک نیشتمانێک وەریدەگرێت، بەمەش شوناسێک بەدەست دەهێنێت و بە تێپەڕبونی کات بە نیشتمانی دەکرێت.

ناوچە جوگرافییە جیاوازەکان کاریگەری جیاوازیان لەسەر دروستبونی ناسنامەی نەتەوەیی هەیە. بەجۆرێک تایبەتمەندییە ژینگەییەکانی هەر ناوچەیەکی جوگرافی، ڕەنگدانەوەی دیاری دەبێت لە خو و ڕەوشت و بیرکردنەوەی ئەو کۆمەڵە کەسانەی لەم ناوچانە دەژین. "ئۆسبۆرن" لە باسکردنی پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکان و ئەو شوێنانەی کە تێیدا دەژین، "ئاماژە بەوە دەکات، کە مرۆڤەکان بە دروستکردنی شوێنەوار و شەقام و گەڕەک و بینا و ..هیتد مانای تایبەت دە بە بەخشن بەو شوێنانەی کە تێیدا دەژین وەک نەتەوەیەک کلتورێکیان بۆ خۆیان بنیاتناوە"(Segrott. J., 2001,281). پەیوەندی ئەم شوێنەوارە ماددیانە لەگەڵ ئەو مرۆڤانە لە چوار چێوەی گروپێکی کۆمەڵایەتیدا، کە پێیان دەگوترێت نەتەوە، ناسنامەیان

پێکهێناوە. کەواتە پەیوەندی نێوان نەتەوە و نیشتمان پەیوەندییەکی بەیەکداچو و یەکتر تەواوکەرە، بەجۆرێک هەریەکەیان بون و ماهییەتی یەکتر تەواو دەکەن و مانا بەیەکتر دەبەخشن.

ناسنامەی نەتەوەیی پەیوەستە بە پارچە زەوییەکەوە، کە پێیدەڵێن نیشتیمان. ئەوەی لێرەدا گرنگە ئاماژەی پێبکریت ئەوەیە، کە "نیشاندانی پەیوەندی نێوان شوێن و ناسنامە لە چوارچێوەی نەتەوەدا هەست پێدەکرێت"(Smith, Anthony D. ,2002, 32). ناسنامە لە زۆر ڕووەوە خۆی دەرخستوە و یەکێک لەوانەش ئەو شوێنەیە نەتەوە خۆی تێدا نمایش دەکات. کەواتە بۆ زیاتر ڕونکردنەوە و تێگەیشتنمان لە چییەتی و چۆنییەتی شوناسی نیشتیمانی پێویستە کار لەسەر نەتەوە بکەین و تێروانین و بیرکردنەوەی ئەو گروپە کۆمەڵایەتییەی، کە وەک نەتەوە خۆیان دەبینن، سەبارەت بە خاک، وڵات، نیشتیمان یاخود زێدی باب و باپیرانیان دەستنیشان بکەین.

دروستبونی شوناسی نەتەوەیی لە گەشەسەندنی مێژوی شارستانییەتدا پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ئەو جوگرافیایەدا هەیە، کە مرۆڤ ژیانی تێیدا بەسەر دەبات. لەم تەوەرەی لێکۆڵینەوەکەماندا کاریگەریی جوگرافیا لەسەر شوناسی نەتەوەیی لە چوارچێوەی بنەما بنەڕەتییەکانی نیشتماندا لە ڕوانگەی جیاوازەوە هەڵسەنگێندرێت. بۆ ئەوەی ئەم گرنگییەی نیشتمان دەربکەوێت.

ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو ڕاستییەی، کە هەر نەتەوەیەک یان کۆمەڵگایەک کۆمەڵێک پەندی تایبەت بە خۆی هەیە، لە پای شێوازی ژیان و دابونەریتی ئەو خەڵکەوە سەرهەڵدەدەن، کە لە خاکێکی دیاریکراودا دەژین و لە هەمو کاتێکدا پەیوەندییەکی بەهێزییان لەگەڵ جیهانی سروشتدا هەبوە."لە ڕاستیدا هەمو ئەمانە دیاریکەری سەرەکیی شوناسن، لە مێژە باوەڕ وایە، کە تایبەتمەندیی کەسایەتی بەپێی شوێنی جوگرافی دەگۆڕێت"(Ballesteros, E. R. & Ramırez, M. H., 2007, 277). لێرەدا جوگرافیا زانستێکە، کارلێکی مرۆڤ و ژینگەی سروشتی و دەرئەنجامەکانی ڕون دەکاتەوە. بە پشکنین و لێوردبونەوەی ئەم پەندانە، کە بەرهەمی ڕۆشنبیری مرۆیی ئەو خەڵکانەن، کە لەم نیشتیمانەدا نیشتەجێ بون، دەروازەیەک بۆ تێگەیشتن لە ناسنامەی نەتەوەیی دەکاتەوە.

## تەوەری دوەم: ناسنامەی نەتەوەیی و نیشتمانی لە پەندی پێشیناندا

لە نێو تایبەتمەندییەکانی ناسنامەی نەتەوەیی، پەیوەستبون و وابەستەیی مرۆڤەکان بە شوێنێکی جوگرافی دیاریکراوەوە ڕەنگدانەوەی بەرجاوی هەیە لە نێو پەندەکوردییەکاندا، دەکرێت ئەو پەندانەی، کە گوزارشت لە شوناسی نەتەوەیی و نیشتمان تاکی کورد دەکەن پۆلێنیان بکەین بۆ دو بەشی سەرەکی:

**١–ئاماژە ڕاستەوخۆکان،** ئەو پەندانە دەگرێەوە، کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ باس لە نەتەوەی کورد و خاک و وڵاتی کوردان یان بەشێک لە نیشتیمان دەکەن.

بۆ نمونە: **کورد بدوێنی، شەرعی خۆی دەکات**. (کاکینە و مستەفا سائیب، ٢٠٠١، ٨٤)

لەم پەندەدا وێنای کورد لەروی کەسێتییەوە وەک کەسێکی سادە و ساکار و بێفرو فێڵ کێشراوە، هەرکاتێک گفتوگۆ لەگەڵ تاکی کورد دەکریت، ئەوەی لە ناو دڵ و دەرون و زەینییەتی ڕاستەوخۆ لەسەر زمانییەوە دەیبیستی، تەنانەت ئەگەر زەرەری خۆشیبێ، واتە زۆر بە ئینسافە. لە ڕاستیدا ئەمە ئیشکردنە لەسەر فەلسەفەی ئەو پەندەی، کە پیرەمێرد دەڵێت:

**ڕاست و ڕاستگۆبە با زەرەریش کەی**

**تۆبە ڕاستگۆیی تۆ شوێنی بەرز دەبەی**. (هەمزاغای مەسرەف، تۆفیق مەحمود،٢٠١٩، ٢٤٩).

لە بەشێکی پەندەکاندا بێفیزی و نەبونی هەستی خۆبەگەورەزانیین لای تاکی کورد وا دەکات هەر زو دانبنێت بە ڕاستی ڕوداوەکە، کە خۆی لەخۆیدا دانان بە کێشەکەش نیوەی چارەسەرە.. ئەمە وەک یاسایەک وایە، کە ناگۆڕێت. ئەم جۆرە کاردانەوەیە ئەگەر وەک ڕەفتارێک سەیری بکەین ئاکامی ئەو پەروەردە کۆمەلایەتییەیە، کە تاکی کورد پێی گۆشکراوە. لەم بارەیەوە "غەزالی" دەڵێت: "ڕەفتاری مرۆڤ پشت بەو تەرزە پەروەردەییە دەبەستێت، کە لە کۆمەڵگەوە وەریدەگرێت، ڕەفتاریش لە ڕێگەی گۆڕینی شێوازەکانی پەروەردە و ڕاستکردنەوەوە نەبێت ناتواندرێت بگۆڕدرێت" (ئەلحەسەن، ئیحسان محەمەد، ٢٠١٨، ٥٠). کەواتە ئەم جۆرە لەبیرکردنەوە و ڕەفتارە سەرەڕای ئەوەی لە دەرونی خودی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێت، هاوکات ئەو پەروەردەیەی کە لە خێزان و کۆمەڵگاوە وەریدەگرێت یارمەتیدەردەبێت بۆ دەرکەوتنی سیما جەوهەرییەکانی تاک و کامڵبونی ئەو مەعریفە دەرونییەی کە هەیەتی.

هەر چەندە ئەم پەندە هەژمونی زمان زاڵە بەسەریدا، لەڕێگەی زمانەوە باس لە نەتەوەی کورد دەکات. ناوی کورد وەک نەتەوە هاتوە. سیفاتی کورتی و پوختی لە قسە کردندا خو و ڕەوشتێکی جوان و خوازراوە لای کورد، وێنای کورد بەجۆرێک نیشان دراوە، کە نەتەوەیەکن لەکاتی گفتو و گۆ و لێدواندا زۆر ڕونکردنەوە و دێژدادڕی پەسند نییە لایان. کورد دەڵێ: **قسە هەزارە دوانی بەکارە**. (فۆلکلۆر)، واتە قسە تازۆرتربێت پێزی کەمتر دەبێتەوە و جوانی و کاریگەری گوتە و لە کەمی و پوختییەکەی دایە، چونکە لە زۆر گوتندا ڕاستی ون دەبێت. کەوابو ئەوەی هەیە بە ڕونی و بە کورتی بخرێتە ڕو شیاوترە بەم جۆرە هەم کات بە فیرۆ نادەن هەمیش خۆیان و لایەنی بەرامبەریشیان بێزار ناکەن بە زۆر گوتن و قسەکردنی ناپیویست، بابەتەکەش بەلارێدا ناڕوات.

**بۆ کوردی هەژار، چ گورگ بێ، چ سوار.** (حەمید گەردی، ٢٠٠٦، ٥٧)

لەم پەندەیان دا وێنای کورد وەک نەتەوەیەکی هەژار نیشان دراوە، هەژاری بە مانای نەبونی سەروەت و سامان نا، بەڵکو هەژاری لەروی نەبونی پشت و پەنا و هاوکار و یارمەتی دەرەوە. دیارە کورد وەک نەتەوەیەک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چ لە لایەن وڵاتە زلهێزە نیودەوڵەتی و ئیقلیمییەکانەوە، چ لەلایەن نەتەوەکانی دراوسێوە هەمیشە لە ژێر هەڕەشەی لەناوچون و داگیرکردندا بوە و نەیاری زۆرە. یان پەندێکی ترمان هەیە دەڵێت: **بو بە کوردەکەی لەهەردو جەژنان بو.** (شیخ محمدی خاڵ، ١٩٧١، ١٠٣). ئەمە بەیەکێک دەگوترێت، کە لە دولاوە بێئومێد کرابێت و هەمو دەرگاکانی بەرودا داخرابێت. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ڕابردو بەدرێژایی مێژو کورد لەلایەن دۆست و هاوپەیمانەکانییەوە، کە ئومێدی زۆری لەسەر هەڵچنیون دەستخەڕۆ کراوە و تەنانەت خەنجەری ژەهراویشی لێدراوە.

**کورد کۆیلەبێ لێی ئەدەن.. کۆیلە لای کورد پێی ئەدەن.** (ئەحمەد بەهرامی، ١٣٩٤هەتاوی، ب٢، ١٣٢)

هەستی مرۆڤایەتی نەتەوەی کورد لەم پەندەدا بە ئاشکرا درکیپێدەکرێت، لە ڕێگەی ئەو ڕەفتارە کۆمەڵایەتییە مۆڕاڵییەوە کورد وەک نەتەوە خۆی بەراورد دەکات بە نەتەوەکانی تری دەوروبەری، کە چۆن ڕێزی مرۆڤبونییان لایە و هێزی خۆیان بەرامبەر بەکەسانی بێدەسەڵات و ژێر دەستە بەکارناهێنن، بە پێچەوانەی نەتەوەکانی تر، کاتێک کورد ژێر دەستەبوە چەوسێنراوەتەوە. بێگومان ئەو جۆرە لە هەڵوێست و ڕەفتارکردنە لە دابونەریت و بەهای مرۆڤایەتی کۆمەڵگەوە سەرچاوە دەگرێت. "ماکس ڤیبەر" ئەم جۆرە ڕەفتارە ناودەنێت ڕەفتاری کۆمەڵایەتی ئایدیالی "Ideal Type" " ڕەفتاری کۆمەڵایەتی ئایدیالی ئەو ڕەفتارەیە، کە زۆر لە سۆز، لایەنگری، ڕەگەز پەرستی و گرژبونەوە دورە، هەروەها لە ڕوی مەبەستەوە ڕەفتارێکی بێلایەنە"(Weber. Max, 1996, 116)). ئەم ڕەوشتە بەرزە لەگەڵ ئاکار و ڕێنمایی و نمونە باڵاکانی کۆمەڵگەدا دەگونجێت.

هەروەها لە نێو ئەو پەندانەی، کە باسی نیشتمان یان خاک دەکەن، چەمکی نیشتمان لە چەند ڕوانگەیەکەوە خۆی نمایش دەکات، وەک: دوری لە نیشتمان، وابەستەیی بە زێدی باب و باپیران، مردن لە نیشتمان، بەرگریکردن لە نیشتمان و یادکردنەوەی نیشتمان و گەلێکی تر.

دەبینین لەم پەندانەدا هەریەکەیان بەجۆرێک و لە گۆشەنیگای جیاوازەوە، گوزارشت لە نیشتمانپەروەری تاکی کورد دەکات. بۆ نمونە:

**وێڵی وڵات، زویر و مات.** (بەهرامی، ئەحمەد، ١٣٩٤هەتاوی، ب٢، ٣٨٠)

وێنای وڵات وەک سەرچاوەی خۆشبەختی و ڕوخۆشی و ڕوگەشیی مرۆڤ نیشاندراوە، مرۆڤی دور وڵات بەشێوەیەکی گشتی زیز و مات و دڵ غەمگین و سەرگەردانە و تروسکایی ڕوناکی تێدا بەدیناکرێ، چونکە ئاسۆی ژیانی لێدیارنییە و هەمیشە لە چاوەڕوانی گەڕانەوە دایە بۆ زێد و نیشتمان، بەختەوەری و بون و ناسنامەی خۆی وەک هەر مرۆڤێکی تر وابەستەی نیشتمانەکەی خۆی دەکات.

نیشتمان کاریگەریی لەسەر هەمو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ هەیە، بەتایبەت" کاریگەریی لەسەر چەمکی ناسنامە دەبێت، چونکە چەمکی ناسنامە مامەڵە لەگەڵ فەزا/جوگرافیادا دەکات، بە گوێرەی ئەوەی ناسنامە و پێکهێنانی ناسنامە بۆ مرۆڤایەتی و کێشەی ناسنامە بۆ یەکەمجار لە پەیوەندیی لەگەڵ سروشتدا دەرکەوت" (Berg. L. D., 2012, 508). ناتوانین نکۆڵی لە کاریگەریی ئەو جوگرافیایە لەسەر ناسنامەمان بکەین، کە وەک نیشتیمان تێیدا دەژین. ئەو ژینگەیەی تێیدا دەژین، ئەو کۆمەڵگایەی کە ئێمە تیایدا ئەندامین، ئەو زمانەی کە قسەی پێدەکەین، دەرکەوتنی ڕوخسارمان لە گەرموگوڕی یان خوێن ساردیمان، شێوازی خواردنمان، جلوبەرگی دڵخوازمان، کەلوپەلەکانمان، پەیوەندییە مرۆییەکانمان، شێوازی بەڕێوەبردن و هاووڵاتیبون، هەمویان شێوە و دەرکەوتنی تایبەتییان هەیە بە هۆی هۆکارە جوگرافییەکانەوە. لەم چوارچێوەیەدا دەتوانین بڵێین ئەو جوگرافیایەی ئێمە تێیدا دەژین، دیاریکەری سەرەکی ئەو شوناسەیە کە هەمانە.

**بمخوا گورگی نیشتمان، ناچمە لای ڕێوی دەران.** (ئەحمەد بەهرامی، ١٣٩٤هەتاوی، ب١، ١٢٠) یان

**ئەگەر وەتەن کەوتە دەست گورگان، گورگی وەتەن بیخوا تا گورگی بێگانە.** (خالید عەلیزادە، ٢٠١٣، ٤٥)

**ئەگەر گورگیچ بیخوات، گورگ وڵات بیخوات.** (سەید عەبدولحەمید حیرەت سەجادی، ٢٠١٠، ٣٢)

**پێمخۆشە گورگی وڵاتەکەی خۆم بمخوات، نەوەک شێری ئەرزە ڕۆم.** (مەلا غەفوری دەباغی، ٢٠١٠، ٤٥٦)

هەرچەندە ئەم پەندانە لە ڕوی دارشتنەوە کەمێک جیاوازن لە یەکتری، بەڵام لە ناوەرۆکدا یەکدەگرنەوە و کاریگەریی نیشتمان لەسەر شوناس و پەیوەندیی بە سیفەتەکانی کارەکتەری کەسایەتیی ئەو کۆمەڵگایەوە دەردەخەن لە کلتور، تێڕوانین، شێوازی بەڕێوەبردن و گەلێکی تر. هەروەها تاکەکانی ئەم کۆمەڵگایە، کە لەسەر یەک خاک دەژین، وەک پێکهاتەی یەک نەتەوە بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە. ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە پاراستنی شوناسی نەتەوەییدا. لە هەمویاندا ناوی وڵات یان نیشتمان هاتوە و لە ڕێگەیەوە ئاماژە بە گرینگی و گەورەیی ماهییەتی نەتەوە دەکەن وەک گروپێکی کۆمەڵایەتی و ئەفزەڵییەتی بەسەر کەسانی دەرەوەی گروپەکەی خۆیاندا دەدەن.

ئەم جۆرە هاوسۆزییە توندە بۆ نەتەوە لە پێوەرەکانی شوناس و دیاریکردنی کارەکتەرەکانی ناوی دەنرێت "پێشاندەری لایەنگری (Favoritism) و دژایەتی (Hostility)، ئەم دو پێوەرە خۆمانە خۆمانە و

خۆیی خۆیی پیشان دەدەن چ لە سیاسەتی دەوڵەت چ لە هەڵویستی گروپێک بەرامبەر بە گروپێکی دیکە" (شێرکۆ کرمانج، ٢٠١٧، ٤٩). واتە پەیرەوکردنی سیاسەتی لایەنگری و دژایەتی، کە پاوانخوازی دەکات لە دەوری ئەندامانی گروپێکی نەتەوەیی و لە خۆیان دەگرێت. لەهەمان کاتدا دەرهاویشتن و دژایەتیکردنی ئەندامانی دەرەوەی ئەم گروپە نەتەوەییە، بەبێ ڕەچاوکردنی پێوەرەکانی کەسایەتی. بێگومان ئەمەش پەیوەندی بە هەستی هاوبەشی کلتوری و زمان و ڕەچەڵەک و نەتەوەوە هەیە، سەرەڕای بونی سیاسەتی دەمارگیریی نەتەوەکانی دراوسێ و هەبونی بیرەوەریی تاڵ لە زوڵم و زۆرداریی ئەو نەتەوانە دەرحەق بە تاکی کورد.

**پشتم سەفین بێ، تف لە ئاسنیش دەکەم.** (یاسین حسن گۆران، ٢٠٠٦، ١٠)

زۆر پەندمان هەیە باسی بەشێک لەنیشتمان دەکات، وەک "شار و لادێ و چیا و دەشت و دۆڵ و ڕوبار و ..هتد"، بەڵام ئێمە ئەم پەندەمان وەک نمونە وەرگرتوە، چونکە جگە لەوەی چیای سەفین بەشیکە لە سروشت و جوگرافیای کوردستان و دەکەوێتە سنوری پارێزگای هەولێر، هاوکات گوزارشت لە هۆگری خۆشەویستیی نیشتمان دەکات و هەستی شانازیکردن بە سروشت و هەڵکەوتەی وڵات لای تاکی کورد هەستپێدەکرێت و پێمان دەڵێت هەمیشە لە هەرباروذۆخێکدا چیاکان پشت و پەنای کورد بون.

هەروەها هێز و مانەوەی کورد بە توانا ناوەکییەکانی خۆیەوە پەیوەستدەکات، ئینجا چ سەرچاوەی سروشتی وەک حەشارگەی سەختی چیا بەرزەکان بێت، یان توانای مرۆیی یەکگرتنی تاکەکانی کۆمەڵگای کوردی بێت، بەم جۆرە دەتوانن بەرەنگاری گەورەترین هیز ببنەوە. لەدیدی کوردەکانەوە چیای سەفین وەک بەشێک لە نیشتمان، ڕەنگدانەوەی پرسی وابەستەگی تاکی کوردە بە خاک و نیشتمانەکەیەوە. ئەگەر بە پێی "تیۆری تازەگەریی شوناس" خوێندنەوە بۆ ئەم پەندە بکەین، دەکرێ بڵێین کورد شوناسی خۆی بە خاکەکەیەوە دەبەستێتەوە، کە بە ئینگلیزی پێیدەگوترێت "Territorialization of Identity" ئەم بۆچونە هەڵگری جۆرێک لەڕاستییە، چونکە "ئەوەی نەتەوە لە گروپێکی کۆمەڵایەتیی بچوک جیادەکاتەوە تەنیا بونی چوارچێوەیەکی یاسایی و جوگرافیی دانپێدانراو نییە، بەڵکو دەکرێت ئەو چوارچێوە جوگرافییە لە خەیاڵگەی ئەندامانی نەتەوەکە ئامادەیی هەبێت" (Smith, Anthony D., 1999, 41-42). بێگومان دەبینین ئەم جۆرە شوناسە لە تێکەڵکردنی شوناسی خاک و شوناسی نەتەوەیی پەیدادەبێ سەرەڕای بونی کۆیادێکی بیرەوەریی هاوبەش، کە ڕەنگدانەوەی هەبێت لەژیانی تاکەکاندا هەبێت. وەک چۆن ئەمە لەکەیسی شوناسی کورد لە باشوری کوردستاندا لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا هەستی پێدەکرێت.

**٢–ئاماژە ناڕاستەوخۆکان،** لێرەدا ئەو پەندانە دەخەینە ڕو، کە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ گوزارشت لە نەتەوە و خاک و نیشتمان و وڵاتی کوردان دەکەن.

**گا لە گاگەل دابڕێ، یا گورگ ئەیخوات، یا دز ئەیبات.** (کاکینە و مستەفا سائیب، ٢٠٠١، ٩٠)

لەزۆربەی ژانرەکانی ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردیدا، هەر لە ئەفسانەوە تا دەگاتە حیکایەت و مەتەڵ و نوکتە و پەندی پێشینان، بەشێکیان لەسەر زاری گیانلەبەرانەوە گوتراون یان گیانلەبەران کراون بە هۆکار و فاکتەرێک بۆ گەیاندنی ئەو پەیامانەی کە هەیانە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ. بەگشتی ئەو پەندانەی کە وێنەی ئاژەڵیان تێدایە، هەڵگری تایبەتمەندییەکانی مرۆڤن زۆرجار پەیامێکی دیاریکراو پێشکەش دەکەن.

لەم پەندەدا بون و مانەوەی تاک بەستراوەتەوە بەو گروپە کۆمەڵاتییەی کەتاک تێیدا دەژیت و وەک ئەندامێک سەر بەوانە، واتە تاک بەتەنها توانای خۆپارێزیی نییە، بەڵکو بۆ مانەوە و سەلماندنی خۆی پشت بەتوانای گروپەکەی دەبەستێت، بێگومان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تێڕوانیینە کلتورییە هۆزگەراییەی کە لەناو کورددا هەبوە و هەیە. هەروەک گوتویانە: **"تاقە سوارە بەتەنیا تۆز ناکا"** (خاڵ، شێخ محمد، ١٩٧١، ١٣٢). واتە ناتوانێ کاریگەری دروستبکات و جێپەنجەی دیاربێت، ئەمە بەپێی بیروڕای زۆربەی کۆمەڵناسان شتێکی ئاساییە، بۆ نمونە "ئیبن خەلدون" پێی وایە "کۆبونەوەی مرۆیی کارێکی شروشتی و پێویستە" (الخشاب، مصطفی، ١٩٩٨، ٦٩). مرۆڤ بەسروشت بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، لەچوارچێوەی گروپدا نەبێت ناتوانێت بژیت و بگاتە کامڵی، چونکە خواست و حەزی تاک بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی، هەستێکی خۆڕسکە و پاڵ بە تاکەوە دەنێت بۆ هۆگر بون بە برا مرۆڤەکانییەوە. کەواتە لەم پەندەدا نەتەوە وەک پاڵەوان سەیردەکرێ و دەوری سەرەکی دەبینێت لە مانەوە و شوناسی تاک و ڕۆڵی لە گروپ و کۆمەڵگاکەی.

یان پەندێکی ترمان هەیە دەڵێت: **"ئەو ڕۆژە هەردێ سەرکەوی لە کەل، بەو مەرجەی بەجێ نەمێنی لە گەل".** (حەمید گەردی، ٢٠٠٦، ٣٩)، دەبینین بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ گەورە نیشاندانی ڕۆڵی نەتەوەیە لەژیانی تاکەکانیدا. بەجۆرێک باسی بیری یەکێتی و بە یەکەوەبون و کێشەی پێچەوانەی ئەمانە دەکات، بەمەش دەری دەخات، کە کورد خاوەنی بیرۆکەیەکی یەکێتی خوازییە لە پەندەکاندا. ئەم پەیوەستبونە بەیەکتری و ڕێگریکردن لە پەرتەوازەیی بۆ پرسی نەتەوە و نەتەوەخوازییش دروستە. ئەم پەندە ڕوی دەمی لە تاکە و هۆکاری سەرکەوتنی دەبەستێتەوە بەگەلەکەی و دانەبڕان لێی.

لە سەردەمانی زودا مرۆڤ بۆ خۆپارێزی و بەدەستهێنانی ئابوری و ئارامیی ژیانی پێویستی بە هێزی گەلەکەی هەبوە و تا ئێستاش بەردەوامە. لەم پەندەدا مەبەست لەو دانەبڕانە یەکگرتنی هێزی تاکەکانی نەتەوەیە چ لەروی هێزی بازو و چ لەروی هەبونی یەک گوتاری و یەک دەنگییەوە.

ئەم پەندە نیشاندانی هێز وەرگرتنە لە کۆ و مانەوەیە لە سێبەریدا، ئەم ستراتیژە یەکگرتنی تواناکانی تاکە لەسەر بنەمای هێزی فیزیکی بازو و یەکبونی هۆشیارانەی بیرکردنەوە. ئەو کاتە تاک دەتوانێت ئاستەنگەکانی بەردەم سەرکەوتنی تێکبشکێنێت و خۆیشی و کۆمەڵگاکەشی بە بەهێزی بمێننەوە.

هەروەها پەندێکی ترمان هەیە دەڵێت: **بەو مەرگە دەڵێن، جێژنە پیرۆزە، کە لەگەڵ گەل و ئاوەڵ و هۆزە.** (مەلا غەفوری دەباغی، ٢٠١٠، ٤٥٦)، تیایدا وێنای ئینتیمای تاک بۆ ئەو گروپە کۆمەڵایەتییەی، کە تیایدا دەژی بە جۆریک نیشان دراوە تا دەگاتە ئاستی قوربانیدان، ئەم مردنەش لە پێناو گەل و نەتەوە بەشانازییەوە بە جەژن و سەرکەوتنی دەبینێت. ئەمەش نیشاندانی بیری یەکێتی خوازییە لای کورد و گوتارەکەی دەچێتە خزمەتی شوناسی نەتەوەییەوە، لە پێشاندانی ئەوپەڕی ڕۆحی پێکەوە ژیان، کەڕۆڵەکانی نەتەوە چ مردن و چ ژیان بەیەکەوە هەڵدەبژێرن. "کورد لەپەندی پێشینانا گەلیک وێنەی نیشتمان پەروەریی و گەل پەروەریشی نەخشە کێشاوە و دوژمنی باوککوشتەی کەسێکە کە پشت ئەکاتە گەلەکەی خۆی" (عیززەدین مستەفا ڕەسوڵ، ١٩٧٠، ٩٩). واتە ئەم هەستی نەتەوە خوازییە زۆر بەرونی لە پەندی کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە و باری سۆزداری و هاوخەمی بەرامبەر بە ئەندامی نەتەوەی خۆیان بەشێوەیەک چڕدەکاتەوە تا دەگاتە ئەندازەی خۆ بەختکردن. بە پێچەوانەشەوە بەچاوێکی کەم و سوک لەوکەسانە دەڕوانن، کە پشت لە گەلەکەی خۆیان دەکەن و هەڵدەگەڕێنەوە. بۆ نمونە کورد دەڵێت: **ڕێوی لە کونی خۆی هەڵگەڕێتەوە گەڕ دەبێ.** (خاڵ، شێخ محمدی، ١٩٧١، ٢٣٣) ئەم پەندە هەڵگری هەردو شوناسی نیشتمانی و نەتەوەییە، لەسەرێکەوە وێنای نیشتمانپەروەری کورد نیشان دەدات، لەسەرێکی تریشەوە وێنای شانازیکردن بە مرۆڤی کوردەوە دەکێشێ لە بەرز نرخاندنی باب و باپیرانی و بنچینەی هەژار و ڕەنجدەر و زەحمەتکێشی خۆی.

**ئەگەر لە جافان یەکێک بمێنێ، هەقی بەر و دوا لە گشت ئەسێنێ.** (عیززەدین مستەفا ڕەسوڵ، ١٩٧٠، ١٠١)

لەم پەندەدا باسی تاکی جاف کراوە، (جاف)یش عەشیرەتێکی گەورەی کوردن و لێرەدا دەکرێت ئەم تاکەی جاف بکرێتە پێوەر بۆ تاکی کورد. تیایدا وینای ئازایەتی و چاونەترسیی ڕۆڵەکانی کوردمان نیشان دەدات، کە چۆن لە حەقی خۆیان خۆش نابن و پشتی یەکدەگرن. "کلیفرد گیرتز" کە ناسراوترین کەسایەتیی نەژادگەرەکانە، پێیوایە دەتوانین بەم شێوەیە شوناسی نەتەوەیی کورت بکەینەوە لە "هەستی نەتەوەیی و هاودەنگی بەرهەمی گشتاندنی خۆبەخشانەی دڵسۆزی لەنێوان ئەندامانی سەر بە یەک ماڵ و خێزان و تۆڕی خزمایەتی و خێڵ و عەشیرەت و هەر نەتەوەیەکی ئەبستراکت" (Geertz, Clifford, 1994, 29). کورد دەڵێت: **مشتێک نمونەی خەرمانێکە**. هەروەک لەم پەندەدا دەبینرێت، کە باسی خێڵی جافەکان دەکات هاوکات گوزارشتیشە لە بونی کلتوری هۆزگەرایی لەناو میللەتی کوردا، کورد ئەگەر چەند تیرە و هۆزێک پێکهاتبێت ئەوا جافەکان یەکێکن لەو تیرە و هۆزە کوردییانەی کە نەتەوەی کوردییان پێکهێناوە و تا ئێستاش لە

کوردستان دەژین و بەزۆری دەکەونە سنوری پارێزگای سلێمانی بەتایبەت شارباژێڕ و دۆڵی جافایەتی، بەم شێوەیە ئاماژە بە بەشێک لە نیشتمان دەکات و بنەما و بناغە هاوبەشە دێرینەکانی خەڵکی خاکێک نیشان دەدات، کە بە یەکڕیزی دەناسرێنەوە. ئەم بناغانە بنەمای هاودەنگی نەتەوەیی و یەکڕیزی نەتەوەیی و تەنانەت گەشەسەندنی ئابوری-سیاسی لە کۆمەڵگادا بەدواوە دێت. کەواتە ئەم پەندە بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ گوزارشت لە هەردو شوناسی نەتەوەیی و نیشتمانیش دەکات.

**بەرد لە جێی خۆی سەنگینە.** (شێخ محمدی خاڵ، ١٩٧١، ٣٣)

لێرەدا کاریگەریی ڕەهەندی جوگرافیا وەک "نیشتمان" لەسەر شوناسی تاکەکان لە بوارە جیاوازەکانی ژیاندا دەردەکەوێت، سەنگ و قورسایی مرۆڤ بەستراوەتەوە بە نیشتمان و ئەو زێدەیی خۆی، کە تێیدا لەدایک بوە، کاتێک مرۆڤ کۆچ دەکات بۆ وڵاتێکی تر هەرچەندە ژیان و گوزەرانی خۆشبێ لە ناخەوە ئاسودە نییە و هەمیشە وەک و بێگانە سەیر دەکرێ و هەست بە نامۆیی خۆی دەکات. ئەوە شوێنە نرخ دەدات بە شتەکان، ئەم پەیوەست بونە بە نیشتمان وا لە ڕۆڵەکانی دەکات بە هیچ نرخێک نەی گۆڕنەوە. "ناسنامەی نەتەوەیی نەتەوەکان لە شوێنی نیشتەجێبونیان دروست دەبێت و بە ناوی هەمان خاک ناسراون" (شێرکۆ کرمانج، ٢٠١٧، ٢٣). بەپێی ئەم بۆچونە شوێن دەبێتە شوناس بۆ ئەو گروپ و نەتەوە و تاقمانەی کەتێیدا دەژین، هەر وەک چۆن زەوی بە یەکێک لە توخمە گرنگەکانی ناسنامەی نەتەوەیی دەژمێردرێت، بۆ نمونە شارستانییەتەکانیش لەسەر بنەمای ئەمە ناوبانگیان بەدەستهێناوە. وەک: شارستانییەتی یۆنانی، شارستانییەتی ئێرانییەکان و شارستانییەتی میسرییەکان و گەلێکی تر. کەواتە بەدیهاتنی تەواوەتیی شوناسی نەتەوەیی تەنیا لەژێر کارتێکەریی زماندا نییە و فاکتەری جوگرافیاش تێیدا ڕۆڵ دەگێڕێت. لەم ڕووەوە فاکتەرەکانی نیشتمان و ئایین لە تەنیشت زمان ڕۆڵی بەرچاویان لە پرۆسەی بنیاتنانی شوناسی تاکدا هەیە.

سەرەڕای ئەوەی بەشێکی زۆری پەندەکان بەشێوەیەکی ئەرێنی گوزارشت لە ناسنامەی نەتەوەیی و نیشتمانی دەکەن، پەیوەستبونی تاکی کورد نیشان دەدەن بە خاک و گەلەکەیەوە. لە هەمان کاتدا پەندیشمان هەیە گوزارشت لە پەرتەوازەیی و خیانەت و پشتکردن لەیەکتری دەکات. بۆنمونە: **دار کرمی لە خۆی نەبێ تەمەنی سەد ساڵە.** یان **دار پوازی لە خۆی نەبی ناقڵیشێ.** (خاڵ، شێخ محەمەدی، ١٩٧١، ٢٩٩) **کرمی سکی خۆت خوێنت ئەمژێ.** (ئەحمەد بەهرامی، ١٣٩٤هەتاوی، ب٢، ١٢٨) **ئاسن بە ژەنگی خۆی نەبێ داناڕزێ.** (خالید عەلیزادە، ٢٠١٣، ٣٨) لەم پەندانەدا وێنایەکی نەخوازراوی ئەو ڕەفتارانە نیشاندراوە، چونکە دەبێتە هۆی لەناوچون و شکستی گەل و نیشتمان. بەجۆریک ناوەڕۆکی ئەم پەندانە ئەوەمان بۆ دەردەخەن، کە هۆکاری هەمو نوشستی و کەوتنەکان دەگەڕێتەوە بۆ دەستێکی ناوخۆیی و ڕێکنەکەوتن و دوبەرەکی نێوان ڕۆڵەکانی گەل. بەپێچەوانەوە ئەگەر بێت و ڕۆڵەکانی گەل یەکگر و یەکدەستبن، هەرگیز دوژمن ناتوانێت زەفەریان پێببات.

## ئەنجامەکان:

١- پەندی پێشینانی کوردی هەڵگری کۆمەڵێک تایبەتمەندییە، لە بیرکردنەوە و ڕۆشنبیریی نەتەوەیی. سەرچاوەیەکی بە پێزن بۆ دامەزراندنی ناسنامەی نەتەوەیی.

٢- ناسنامە لە پرۆسەی ناسینەوە دێتە ئاراوە، بەهەمان شێوە لەم پەندانەدا، کە باسی نەتەوەی کورد کراوە، هێڵەگشتییەکانی ڕەفتاری مرۆڤی کورد بەرامبەر بە ئەندامی نەتەوەی خۆیان و کەسانی بێگانەش خراوەتە ڕو و بۆتە میکانزمێک بۆ پرۆسەی ناسینەوەی نەتەوەی کورد.

٣- بە لەبەرچاوگرتنی پەندەکان، شوناسی نیشتمانی و دەرکەوتەکانی لایەنێکی چالاکە لە ژیریی جەماوەری و دەرخستنی خو و ڕەوشت و کۆدەکانی کلتوری پێویست بۆ پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی.

٤- بنەمای شیکاری ئەم پەندانە دەریدەخات، کە زۆرینەیان خاوەنی ماناسازیی ئەرێنین، سەبارەت بەنەتەوەی کورد و لە گەڵێک هەڵوێستی مرۆڤایەتی خو و ڕەوشت و بەهای بەرزی ناسنامەی نەتەوەییی کورد نیشان دەدرێت.

٥- لە ناوەڕۆکی زۆربەی ئەم پەندانەی، کە خراونەتە ڕو پەیوەستبونی تاکی کورد نیشاندراوە بە شوێن و کۆمەڵی مرۆیی دەوروبەرەوە و لە کۆتاییدا دەچنە خانەی دەرخەری بیری کوردانە بۆ بابەتەکانی نەتەوە و نیشتمان.

٦- بەشێک لەم پەندانە لەیەک کاتدا هەڵگری هەردو شوناسی نەتەوەیی و نیشتمانین، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کە میللەتی کورد لەدێر زەمانەوە وەک نەتەوەیەکی دێرین و خاوەن مێژو لەسەر خاکی خۆی (کوردستان) ژیاوە و شوناسی خۆی وەک و نەتەوە بە خاکەکەیەوە گرێداوە.

# The National identity in Kurdish proverbs

**Pareshan Khalid Sabir[1] - Sirwan Jabbar Amin[2]**

[1]Department of Kurdish, College of Education, University of Raparin, Ranya, Kurdistan Region, Iraq.

[2]Department of Kurdish, College of Language, University of Soran, Soran, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract:

Identity is intimately related to people's understanding of "who they are," "what they are," and what matters to them. This understanding depends on a number of factors. Identity also creates similarities and differences between individuals or groups. In fact, the emergence of identity is the emergence of similarities and differences between oneself and the other. That is, when someone says I am that person, that family, that nation, he says I am different from this and that and the others.

National identity is an individual's sense of affiliation with a nation. Geography has its impact on language and national identity. Without this geography, called the country, states, cultures and civilizations could not exist. Lifestyles, forms of communication and languages have emerged according to the areas in which people live.

This research is entitled "National Identity in Kurdish Proverbs". Through the study of the content of Kurdish folk proverbs, many of the characteristics of the national identity and civilizational characteristics of an important part of the population of Kurdistan, especially in the center and south, can be known. This includes familiarity with the customs and traditions and the nature of the economic, social and political situation. This research is an attempt to get to know the Kurds through the Kurds themselves, not foreigners. This paper aims to demonstrate this role. The aim of this study is to show the role and characteristics of proverbs as some examples of oral means of expressing Kurdish national identity, because proverbs are the wisdom of human experience and a mirror of culture, opinions, norms and lifestyles. For this purpose, the method of "descriptive, analytical" has been used to interpret the content of the proverbs that carry national identity.

**Keywords:** Nation, Country, Proverb, Identity.

## سەرچاوەکان:

بەهرامی، ئەحمەد، (١٣٩٤)هەتاوی، پەندی پیران و فەرمودەی ژیران، ب١، چ١، زانکۆی کوردستان–سنە.

حەسەن، د.ئیحسان محەمەد، (٢٠١٨)، ڕابەرانی هزری کۆمەڵایەتی، و: دانا مەلا حەسەن, چاپخانەی ئەندێشە.

حوسێن، محەمەد تەها، (٢٠١٨)، سایکۆلۆژیای عەقڵی کوردی، ناوەندی فیربون بۆ بڵاوکردنەوە، هەولێر.

جەوهەر، یاسین ئاشور، (٢٠١٩)، قوڵبونەوەی شوناسە لۆکاڵییەکان، کاریگەرییان لەسەر لەسەر بونیادنانەوەی عێراقی نوێ لەدوای ساڵی ٢٠٠٣، گ. زانکۆی گەرمیان، ژ.(٥).

خاڵ، شێخ محەمەدی،(١٩٧١)، پەندی پێشینان، بغداد.

دەباغی، مەلا غەفوری، (٢٠١٠)، پەندی پێشینان، کتێبی دەنگی بوە، زریان محمەد کردویەتی بەpdf.

ڕەسوڵ، عیززەدین مستەفا، (١٩٧٠)، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپخانەی جاحظ، بەغدا.

سائیب، مستەفا و کاکینە، (٢٠٠١)، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، چ١، سلێمانی.

سەجادی، سەید عەبدولحەمید حیرەت، (٢٠١٠) پەندی پێشینان، چ٢، چاپخانەی ئاراس– هەولێر.

عەلیزادە، خالید، (٢٠١٣)، پەند و مەتەڵی ناوچەی (تیلەکۆ) ی سەقز، چ١، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

کەریم، ستار باقی، (٢٠١٩) کۆمەڵناسی کوردەواری، بڵاوکراوەی ناوەندی فێربون، چ١، هەولێر.

کرمانج، شێرکۆ، (٢٠١٧)، شوناسی عێراق(ململانێ نەتەوەیی و مەزهەبییەکان)، چ١، چاپخانەی سەردەم.

گەردی، حەمید، (٢٠٠٦)، پەندی کوردی لە باخچەی گەردی، وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.

گوڵموحەمەدی، ئەحمەد، (٢٠٠٧)، بەجیهانیبون، کلتور، شوناس، دەزگای چاپوبڵاوکردنەوەی موکریان، هەولێر.

گۆران، یاسین حەسەن،(٢٠٠٦)، پەند و بەسەرهاتی کوردی، چ١، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

مورادی، موحەمەد حەق، چەمکناسی، نەتەوە و ناسنامەی نەتەوەیی، گ.ڤیستڤاڵی گەلاویژ،٢٠٢٢

هەمزاغای مەسرەف، تۆفیق مەحمود، (٢٠١٩)، پەندەکانی پیرەمێرد، ناوەندی ئەدیبان،ب١، چ٤، سلێمانی.

ابن منظور، (٢٠٠٤)، لسان العرب، المجد١٦، دار الصادر للطباعة و النشر، بيروت.

الخشاب،(د.) مصطفى، (١٩٩٨)، تاريخ التفكير الاجتماعى و تطوره، ط٢، القاهرة.

المسكني، فتحي، (٢٠٠١)، الهوية والزمان، ط١، دار الطليقة للطيباعة والنشر، بيروت.

بيتركونسن، (٢٠٠٥)، ت.د.سامر جميل رضوان، الهوية و تشتتها في حياة إيريك إيركسون و أعماله، تأليف الناشر العين : دار الكتاب الجامعي.

سعيد، ادوارد، (٢٠٠٤)، خارج المكان، ت. فواز طرابلسي، ط١، دار الاداب للنشر و التوزيع، بيروت– لبنان.

سلبيا، جميل، (١٩٧٩)، المعجم الفلسفي، دار الكتاب اللبناني، ط٢، بيروت.

صيفي، مشوار، (٢٠١٦)، دور الجغرافيا السياسية في تكوين الدولة في منطقة الساحل الإفريقي، مجلة الحوار الفكري، العدد، 12 29 الجزائر.

عطية، محمد عبدالرؤف، (٢٠٠٩)، التعليم وأزمة الهوية الثقافية، مؤسسة طيبة للنشر والتوزيع.

غدنز، انتوني، (٢٠٠٥)، علم الاجتماعى، ت.د.فايز الصياغ، مركز دراسات الوحدة العربية، ط١، بيروت.

هارلمبس، وهولبورن، (٢٠١٠) .ت محسن حاتم حميد، سوشيولوجيا الثقافة والهوية، دار كيوان للنشر، سوريا

Althusser, L., (1970), Ideo logy and Ideo logical state-Apara tuses. In Linin and philosophy and other Essays, Translated by Ben Brewster.

Ballesteros, E. R. & Ramırez, M. H. (2007). Identity and Community-Refeletions on The Development of Mining Heritage Tourism in Southern Spain. Science Direct Tour Management28.

Berg, L. D., (2012), Geographies of identity I: Geography-(Neo) Liberalism-White

Supremacy. Progress in Human Geography.

E.J. Hobsbawm, (2000), Národy a nacionalismus od roku Program, realita, Praha.

Eli-Hirsch,(1992), The Concept of Identity, Oxford University Press,

United States.

Jokela, S. (2013). Tourism, Geography and Nation-Building: The identity Political Role of Finnish Tourism mag2 4 University of Helsin.

Kearns, Jerry, (2013), The Butter affair and the geopolitics of identity.

Oxford English Dictionary, Volum v, Oxford university Press, Ely House, London, w.l, Clarendon Press, 1970, p.951.

Peter Kovacs، (2004), University of Miskolc, Hungary, Questions and discussion.

Segrott, J. (2001). Language, Geography and Identity: The Case of The Welsh in London .Social & Cultural Geography 2(3), 281-296 .Smith, Anthony D. (2002).

Weber. Max,(1996), the theory of social and economic organization, New York, the free Press.

عەبدولقادر، بۆتان لەتیف، (٢٠١٨)، https://dengekan.info/archives

مەریوان وریاقانع ناسنامەی نەتەوەیی،عەبدولموتەڵیب عەبدوڵا (٢٠١٨)http://peyliway.blogfa.com

سەیدی،سەعید،٢٠١٩، شوناس و شوناسی نەتەوەیی https://www.peyserpress.com

http://assembly.coe.int. https://www.aljazeera.net